چیرۆکی وەرگێڕدراو



ڤۆلفگانگ بۆرشێرت

# کێشی مێژووەکان

لە ئەڵمانییەوە: ئەنوەر محەمەد ئەحمەد

خاوەن کارگەیەک پرسیی: هەرکەسە، مەکینەیەکی دروومان و ڕادیۆیەک،ساردکەرێک و تەلەفۆنێکی هەیە. ئیدی چیتر بەرهەم بێنین؟

دۆزەرەوەیش وەڵامی دایەوە: بۆمبا.

گەنەڕاڵێکیش وتی: جەنگ.

خاوەن کارگەیش وتی: جا کە چاری دی نەبێت.



ئیدی پیاوەکەی بەدلەیەکی سپیی پۆشی بوو، لەسەر ڕووپەری کاغەزێک ژمارەی تۆمار دەکرد. پاشانیش ژمارەی تری بچکۆلانەی لە پاڵیاندا دەنووسی. ئینجا بەدلە سپییەکەی داکەند و بە درێژایی دەمژمێرێک، خۆی سەرگەرمی ڕاژەی گوڵەکانی بان ڕەفەی بەر پەنجەرەکە کرد. لێ کە سەرنجی دا وا گوڵێک بەربۆتەوە، زۆر خەمبار

بوو، تەنانەت گریاش. بەڵام ژمارەکانیش هەر بە ڕووپەڕی کاغەزەکەوە بوون. لە ئاکامدا، مرۆڤ دەیتوانی بە نیو گرام و لە دوو کاتژمێردا، هەزار مرۆڤ بکوژێت. لەو ساتەیشدا خۆر بەسەر گوڵ و ڕووپەڕی کاغەزەکەوە تیشکی پەخش دەکردەوە.

جارێکی تریش، دوو زەلام پێکەوە دەپەیڤین:

– خەرجەکان؟

– بە کاشییەوە؟

– بێشک بە کاشی ڕەنگ سەوزەوە.

– دەکاتە چل هەزار.

– چل هەزار؟ دەی باشە. خۆ ئەگەر بەرهەمهێنام لە شۆکۆلادەوە نەکردایە بە دروستکردنی بارووت، ئەوا نهاکە نەمدەکاری ئەم چڵ هەزارەتان پێ بدەم.

– دەی منیش نەمدەتوانی ژووری دوشتان بۆ بەرهەم بێنم..

– بەڵام بە کاشیی سەوزەوە..؟

– بەکاشی سەوزەوە.

دوو پیاوەکەی یەکێکیان خاوەن کارگە و ئەوی تریشیان پەیمانکارێک بوو، یەکتریان جێهێشت. سەردەمیش، بووە سەردەمی جەنگ.

لە یانەی یاری بەردوقەل، دوو پیاو دەپەیڤین:

– نا، جەنابی ڕاوێژکاری لێکۆڵینەوە، بەرگی ڕەشتان پۆشیوە، پرسەی کوژراوێکە؟

– هیچی وەها نییە. تەنیا ئاهەنگمان گرت، چونکە لاوەکان ڕەوانەی بەرەی جەنگ دەکران. منیش لەوێکانەدا، وتاربێژییەکی کورتم پێشکەش کرد.( شپارتا) م هێنانەوە یادیان و لە (کلاوسەڤیتس) یش هەندێک نموونەم بۆ هێنانەوە. هەندێک دەستەواژەی وەک: شەرەف و باوکی نیشتمانم ئاراستەکردن و لە بەرهەمی (هۆلدەرلینگ) یش بڕێکم بۆ خوێندنەوە. ئاهەنگێکی کارگەر بوو. هەر بەڕاستیش کارگەر. گەنجەکان بە چاوی پڕ شەوقەوە، تێکڕا دەیانچڕی: ئەو یەزدانەی کە لێگەڕاوە، ئاسن گەشە و پێبگات. بەڕاستی کارگەر بوو. هەر زۆریش کارگەر..

– ئۆی خودایە، بەسە جەنابی ڕاوێژکاری لێکۆڵینەوە.. بەسە.. چونکە زۆر قێزەونە..

ڕاوێژکاری لێکۆڵینەوەش بە سەرسووڕمان و نیگەرانییەوە،لەوانی تری هەڵدەڕوانی و بە

دەم گێڕانەوەوە، خاچی بچکۆلانەی بە بان کاغەزەکەی بەردەستییەوە تۆمار دەکرد. کە دەستی بۆ کردنی خاچەکان دادەگرت جیڕەی دەهات. پاشان هەڵسا و کەوتە پێکەنین. دەستی دایە بەردێکی خڕ و بەسەر تەختەبانەکەدا گلۆری کردەوە. تەختەبەردەکە بووە هۆی گرمەگرم هەڵسانێک و ئیدی ئاودیوی تەختەبانەکە بوو. فیگوورە کەوتووەکانیش وەک پیاوی بچکۆلانەیان دەنواند.

دوو پیاو پێکەوە دەپەیڤان:

– نا.. بەلاتەوە چۆنە؟

– بڕێک خوار بەڕیوە دەچێت.

– تا ئێستاکە چەند دانەتان هەیە؟

– ئەگەر کێشە نەیەتە گۆڕێ و هەروا بڕوات، ئەوا چوار هەزار.

– ئەی دەتوانن چەندم بدەنێ؟

– ئەوپەڕی هەشت سەد.

– بۆ زیادەی بان چوار هەزارەکە؟

– جا کەواتە با هەزار بێت

– گەلێک سوپاس.

ئیدی دوو پیاوەکە لێک جوێ بوونەوە.ئەو دووانە گەنەڕاڵ بوون و لە ساتی جەنگدا، باسیان لە مرۆڤ دەکرد.

دوو پیاو پێکەوە دەپەیڤان:

– خۆبەخشکەر؟

– بێشک. سروشتییە.

– تەمەنت چەندە؟

– هەژدە ساڵان. ئەی تۆ؟

– منیش.

ئیدی دووانەکە لێک جوێ بوونەوە. ئەوانە دوو سەرباز بوون. ئیدی سەردەمی جەنگ بوو، بۆیە دانەیەکیان کوژرا و تێداچوو.

که کۆتایی به جەنگەکه هات، سەربازەکەی تر گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام ئەو نانی نەبوو. که سەرنجی دا وا کەسێکی دی نانی هەیە، هێندەی لێدا هەتا مراندی. پاشان دادوەر پێی ڕاگەیاند: تۆ بۆت نییە کەسێکی دی بکوژیت. سەربازەکەش تەنیا پرسیارێکی ئاراستە کرد. بۆچ نا؟

کە کۆنفرانسی ئاشتیش کۆتایی پێهات، وەزیرەکان بەناو شاردا کەوتنە گەڕان. کە گەیشتنە لای حەشارگەیەکی تەقەکردنەوە، کچەکان بە لێوە سوورەکانیانەوە هاواریان لێ کردن؛ ئای، هەمدیسان گەرەکتانە بکەونەوە تەقەکردن؟ بەڵام وەزیرەکان دەستیان دایە چەکەکان و کەوتنە تەقە لە پیاوە بچکۆلە مقەباکان. لە گەرمەی تەقەکردنا بوو کە ژنێکی پیر هات و چەکەکانی لە دەستیان سەند. لێ کە یەکێک لە وەزیرەکان داوای چەکەکەی دەکردەوە، ژنەکە شەپازلەیەکی تێسرەواند. ئەو ژنەش دایکێک بوو.

سەردەمێک دوو مرۆڤ، کە تەمەنیان دووساڵان بوو، بە دەستەکانیان لەیەکیان دەدا. کە تەمەنیان بووە دوازدە، ئینجا بە دارعاسا و بەرد لە یەکیان دەسرەواند. کە بوونە بیست و دوو ساڵانیش، بە چەک تەقەیان لە یەکتری دەکرد. کە تەمەنیان بووە چل و دوو ساڵان، بۆمبایان بەسەر یەکتردا دەباراند. کە تەمەنیان بووە هەشتاو دوو، هەردووکیان مردن و لە لای یەکتریشەوە نێژران.

کە پاش سەد ساڵ کرمێک لە هەردوو گۆڕەکەی دەخوارد، هەرگیز نەیدەتوانی ئەوە بزانێت کە دوو مرۆڤی زۆر جیاواز لە یەکتر لەناو ئەم گۆڕانەدا نێژراون. چونکە هەر هەمان خاک و زەوی بوو. هەمان زەوی.

کە دوای ٥٠٠٠ ساڵیش جرجێک سەری لە کونەکەی دەرهێنا و هەڵیڕوانی، بۆی ئاشکرابوو کە: دارەکان هێشتاکە هەمان دارن. قاژووەکانیش هەر قیژەیان دێت. سەگەکانیش وەک پێشوو لنگیان بەرز دەکەنەوە. ماسیەکان و ئەستێرەکان، دەریا وقەوزە و مێشوولەکانیش، وەک خۆیان مابوونەوە. ئیدی جارجاریش، بەڵێ جارجارە، مرۆڤێک دەبینرێت.

سەرچاوە: کۆبەرهەمی ڤۆڵفگانگ بۆرشیرت. چاپی ١٩٥٩